# گرفتی گەندەڵی و خواستی شەفافییەت

## لەنێوان حکومەت و کۆمەڵگای کوردستاندا

سەرۆ قادر

مەسەلەی شەفافییەت پەیوەندییەکی زۆر پتەوی بە متمانەوە هەیە لە نێوان پێکهاتەکانی کۆمەڵگا و بزووتنەوەی سیاسی و خەڵك بەگشتی. چونکە پەرەسەندنی سەرمایە و دۆڵەمەندبوونی وڵات و پەیدابونی نەخۆشی گەندەڵی ئەوانە هەموو پەیوەندییەکی نزیکیان پێکەوە هەیە. ئەم چوار چەمکە لەمرۆی پێشکەوتنی سیاسی و ئابوری وڵاتەکەماندا مناقەشەیەکی زۆریان لەسەرە. رۆژانە نەخۆشیەکانی دەبینین و لەگەڵی دەژین، ئەو ئاستەنگانەش لەبەر دەمی دروستبوونی دەوڵەتی ئێمە دەخولقێندرێن هەموومان هەستی پێدەکەین، چ ئەوانەی دەستیان لە بەرێوەبردنی کاری وڵاتدایە چ ئەوانەی کە ئۆپۆزسیۆنن یان ئەوانەی بەشێوەی بێلایەن و ئاکادیمی کاری لەسەر دەکەن، هەر یەکەیان ئەم واقیعە لە زاویەی تایبەتی خۆیەوە دەبینێ. پێشموایە هەوڵی هەمووشیان بۆ ئەوەیە تا بکرێ لە ئێشوئازاری ئەو دیاردانە کەمبکرێتەوەو وڵاتەکەمان بە خێرایی ئەو قۆناغە تێپەرێنێ.

لە پێشەکیدا دەمەوێ بڵێم ئەو دموچاوانەی دەیانبینم هی ئەوە نین ئەلف و بایان لەگەڵ باس بکەم. بۆیە راستەخۆ دەچمە ناو بابەتەکە. هەردوو چەمکی گەندەڵی و شەفافییەت لە تایبەتمەندییەکانی وڵاتانی سەرمایەداری پێشکەوتوون لەرووی تکنۆلۆژیا و کۆمەلایەتی، ئینجا دیموکراسییەکەیان هەر لەرووی سیاسییەوە نیە بەڵکو جیل لە دوای جیل تێکەڵ بووە لەگەڵ پەروەردەو ژیانی کۆمەلایەتییان.جابۆیە دروستبوونی میکانیزمێك بۆ کۆنترۆل کردنی کۆمەڵایەتی کە شەفافییەت دەسەپێنێ و

میکانیزم دروست دەکات بۆ ئەوەی ڕێگا لە گەندەڵی بگرێ و تێکەڵی کەلتوریان دەبێ، لەویدا کارێکی ئاسانە.

لە وڵاتانی پەرەئەستێن(الدول النامیە)کە ڕێژەی خوێندەواری یەکجار نزمە و سەرمایە بەو مەفهومەی لە دنیادا پێیدەگووترێ سەرمایەداری دروست نەبووە. پارە هەیە بەڵام پارەی نەوتە نەك هی بەرهەمهێنان. دیموکراسی لە ئاستی سیاسی کە ئەویش ڕێککەوتنە لەنێوان حزبەکان، تێنەپەریوە. جا دێمە سەر ئەو چەمك و قەناعەتە کۆمەڵایەتی و کەلتوری و دینییانەی لەوانەیە هاریکار نەبن بۆ چەمکی شەفافییەت و ڕێگاگرتن لە گەندەڵی. هەر ئەوەش وایکردووە لەسەر ئاستی دنیا ڕێکخراوی سەر بە نەتەوەیەکگرتووەکان و بانکی دەسترۆیشتوو دروست بن و میکانیزمی دیراسەکراوی واقیعیانەی بەهێزیان هەیە بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و لێکۆڵینەوە لەو سەرمایانەی بەبێ پێشینە دروست دەبن. شەفافییەت وایلێهاتووە هەموو ولاتان وەك زانستێك لێی بەهرەمەند بن. چونکە لە قۆناغی جیهانگیریدا سەرمایە خسوسییەتی جیهانی هەیە و لە هەر شوێنێك دیاردەی گەندەڵی پەرەبستێنێ ئەوە نەخۆشیەکانی دیکەش بەدوای خۆیدا دێنێ و زەبر لە سەرمایەی جیهانی دەدات. هەر ئەوەشە ڕێکخراوە جیهانیەکانی پەیوەندییان بەم قەزیەوە هەیە زەخت بۆ ئەو وڵاتانە دێنن کە گەندەڵی تێدایە و شەفافییەتی تێدا نیە چونکە ئەوانە هەردووکیان هەرەشەی گەورەن لەسەر ئارامشی کۆمەلایەتی و دیموکراسی.

لەو نیو سەعاتەی کاك عەبدلرەزاق ئیشارەتی پێکرد هەوڵدەدەم باسێك لە شەفافییەت بکەم، قسەیەك لە گەندەڵی دەکەم، باسێك لە خسوسیاتی قۆناغی رزگاریخوازی وڵاتەکەمان بکەم چونکە تا ئەو رۆژەی ئالای ئێمەش لە تەنیشت ئالای وڵاتانی دیکە لە نەتەوەیەکگرتووەکان هەڵنەدرێ و نەبینە دەوڵەتێکی سەربەخۆ ئەوە گرفتمان هەر دەمێنن. ئایا ئەمە چەند وادەکات گەندەڵی و ناشەفافییەت بەردەوام بێ؟ دەسەڵاتی شۆڕشگێرەکانی کوردستان تا ئێستا بەردەوامە، ئایا بەدیلی هەیە؟ ئەوانە چەند ڕێگا

له گەندەڵی دەگرن و چەند ڕێگاش له شەفافییەت دەگرن؟ دیموکراسی و گەندەڵی چ پەیوەندییان پێکەوە هەیە؟ دەکرێ ئێمە وڵاتێکی دیموکرات بین و ڕێگاش بە دیاردەی گەندەڵی بدەین؟ دیاردەی گەندەڵی لە وڵاتی ئێمە تا چ ڕادەیەکە، ئایا هەیە؟ ئەگەر هەیە چەند موبالەغەی تێدا دەکرێ؟ چەند ڕێگرە؟ ئاسەواری شەڕی نێوان ئێمە و عێراق و قۆناغی ئەنفالٍ چ کاریگەرییەکی لەسەر دروستبوونی ئەو کەلتورە کردووە کە ئێستا پێیدەژین؟ ئایا ئەوانە چەند ڕێخۆشکارن بۆ پەیدابوونی دیاردەی گەندەڵی؟ ئەگەر دیاردەی گەندەڵی بەشێك بێت لە قەناعەتی کۆمەڵایەتی ، چەند زەحمەتە بتوانرێ میکانیزمێك بۆ شەفافییەت دابندرێ؟

ئەوانەی دەیانپرسم مستەحیل نین بەڵام دەبێ جارێك تەماشای قەدوباڵای کۆمەڵایەتی خۆمان بکەین تا بزانین ئەم شتانە لە کوێوە پەیدابوون. ئەو حکومەتەی پارە دەبەخشێتەوە و معاش دەداتە هەموو هاوڵاتیان، ئاساری ئەم سیاسەت دەگاتە کوێندەر؟ ئەو میللەتەی معاش لە حکومەتەکەی وەردەگرێ دەتوانێ زمانی خۆی درێژ بکات؟ دەتوانێ لەسەر بەرهەمهێنان خۆی ڕابێنێ؟ کەسێك بەرهەم نەهێنێ دەتوانێ جورئەت بنوێنێ؟ ئەو کەسەی جورئەتی نەبێ شەفافییەتی بۆ چییە؟ جا ئەگەر شەفافییەت نەبێ ئایا دیموکراسی دروست دەبێ؟

مەترسی سامانی نەوتی ئێمە و ئەو پارەی کە دەڕژێتە ناو میزانیەی حکومەت و بە شێوەیەك شۆڕ دەبێتەوە ناو ماڵەکانی ئێمە، بە چاك و بە خراپ چ مەترسیەکی هەیە بەسەر داهاتووی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی ئێمە؟

ئەگەر پێرابگەم دەیەمین قسەشم دەکەم کە شەفافییەت ژمارەیەك بنەمای پێویستە و پرسیار دەکەم ئایا لە وڵاتی ئێمەدا هەن؟ ئەگەر نین چۆن دروست دەکرێن؟

من دەبی ئەوانە باس بکەم جا ئەوە پانزە دەقیقەش ڕۆیشت و کاك عەبدلرەزاق لەکوێ ئیستاپم پێبکات دەوەستم.

شەفافییەت یەکێك لەو چەمکە سیاسی و ئیداری و ئابووریانەیە دوای ساڵی 2003 هاتە ناو قاموسی سیاسی وڵاتی ئێمە. پێش ئەوە کەمتر جێی باس بوو. لەوانەیە لەبوارە ئاکادیمیەکاندا باس کرابێت بەڵام چونکە پێویستییەکی زۆر بەپەلەی کۆمەڵایەتی و ئابووری نەبوو، پێش 2003 زۆر ئاورمان لەم چەمکە نەدەدایەوە. چونکە ئیشمان پێی نەبوو. چونکە لە هەرێمی کوردستاندا لەناو دوو گەمارۆی زۆر گەورەدا بووین، حکومەتی عێراق بەو هەموو ئەو چەکە جەبەروتەی هەیبوو لە قوشتەپە و فایدە و چەمچەماڵ سەنگەری لێگرتبووین بوو. هەرێمێك بووین هەر بۆخۆمان بریاری قانوونەکانی خۆمان دەدا و کەس نەیدەگووت قانونەکانتان بایی چەندە. لەوکاتدا سەرمایە زۆر کەم بوو، لەسەر ترانزیتی نەوت دەژیاین، ئەو ترانزیتەی لەنێوان تورکیا و کۆمپانیای ئاسیا کە کەسوکاری سەددام حوسێن پێیدەژیان. هەرکاتێکیش ویستبایان زەختێك بخەنەسەر کوردستان، ئەم رێگایەشیان دادەخست و ئەوجا حکومەتی ئێمە نەیدەتوانی مووچەی کارمەندەکانیشی بدات. بۆیە شتێك بەناوی گردبوونەوەی سەرمایە و دروستبوونی شەریکات و پەیدابوونی گەندەڵی نەبوو. بۆیەش پێویستمان بە چەمکی شەفافییەت و گەندەڵی نەبوو. تێربوونی سك گرنگ بوو، دابینکردنی ئاسایش و پێکهاتنەوەی پارتی و یەکێتی گرنگ بوو. ئەوانە هەمووی لە پێشەوەی ئەلف و بای وڵاتێکی مستەقری دۆڵەمەند دێن کە چەمکی گەندەڵی و شەفافییەت دەکەوێتە ناو قامووسی رۆژانەیان.

ئێستا جیاوازە چونکە پارە زۆرە، هەندێك جار تەنگژەی تێدەکەوێ بەڵام هەیە. ئەم پارەیە لە رێگای بەرهەمهێنان و پەیدابوونی کارخانە و ئیشی خەڵکەوە نیە، پارەی سامانی ژێر زەوییە پارەی نەوتە. ئەوەش دوای کاروانێکی درێژی دزی و فزی هێزەکانی نێودەڵەتی و نەتەوەیەکگرتووەکان و حکومەتی عێراق، لە کۆتاییدا چۆراوێکی کەمی دەگاتە کوردستان کە ئەوەش لەخۆیدا پارەیەکی زۆرە.

دوای قۆناغی 2003 دیاردەی گەندەڵی لە هەموو عێراق، بەتایبەتیش لە کوردستان، جا زیاتر برۆ لە رێکخراوەکانی سەربە نەتەوەیەکگرتووەکان، لە سوپای ئەمریکادا، لە حکومەتەکەی بریمەر کە بە (CPI)ناسراوە، هەموویان بە کردەوە بەشداری هێنانی دیاردەی گەندەڵی بوون بەو شێوە نوێیەی ئێستا. بەشی هەرە زۆری سەرمایەی عێراق بووەتە مایەی یەکدی تاوانبارکردنی ئەمریکایەکان و نەتەوەیەکگرتووەکان. لەوانەیە ئەم مەسەلەیە پەرەبستێنێ چونکە دزی یەکەم ئەوان بوون دوایی دەسەڵاتدارە چنەدیتکەکانی ئێستای عێراق، ئەوانەی بە جۆرێك لە دیموکراسی سیاسی هاتنەسەرکار کەچی ئەو بەڵایە بەسەر شیعەو سوننە دێنن کە دەیبینین.

من نامەوێ پاساو بۆ دیاردەی گەندەڵی لە کوردستان بێنمەوە یان خاتری بگرم بەڵام بەو سەیتەرانەدا تێپەرێ. جا سەیر بکەن ئێمە ناچارین لەگەڵ عێراق بمێنینەوەو یاساکانیان لەگەل شیبکەینەوەو داهاتووی عێراقیان لەگەڵ بکێشین. جا بڵێین یان نەڵێین ئەو دیاردەیە بە ئاسانتر و خێراتر پەرەی سەند. کاربەدەستانی کوردیش لە بەغدا کار و سیاسەت دەکەن، ئەوانەی بەغدا و ئەمریکاییش دێنە ئێرە. رێکخراوەکانی سەر بە نەتەوەیەکگرتوەکان و ئەمریکاییەکان یان ئەوانەی لە ئەورووپاوە دێن(من نازانم رێژەیان چەندە) بەڵام گەندەڵی یەکەم ئەوانن. ئەوەی بەناوی راهێنان و وۆرکشۆپ دەیکەن هەمووی وەسیلەیە تا بەشێك لە سامانی نەوتی عێراق بۆخۆیان بەرن. تا ئێستا ئەم کارە بەردەوامە.

شەفافییەت یان روناهی خسوسییەتی ئەو نیزامە دیموکراتەیە کە سەرمایەی وڵاتەکەی ناشارێتەوە و ئەو تەنزیمە ئابووریەی بۆ پەرەپێدانێ نیزامی ئابوری و بەرهەمهێنانی وڵاتەکەی دەیکات بە دەنگی بەرز لە پەرلەمان یان لەسەر سەکۆیەکانی دیکە مناقەشەی دەکات و دەگاتە ئەو نیزامە ئابووریەی کە پێیوایە لە خسوسییاتی وڵاتی ئەودا مناسبە و دەگونجێ. هیچ بوارێك لەوانەدا ناشارێتەوە. لە نیزامی معاشدانەوە تا دەگاتە فرسەتی کۆمپانیاکان و ئەو پرۆژانەی بۆ بەرهەمهێنان پێشنیاری دەکەن.

شەفافییەتی سیاسیش هەیە کە جاری یەکەم لە ساڵی2003 بووە باو کە بریتییە لە نەشاردنەوەی راستیەکان ئەو کاتەی گفتوگۆ و دان و ستاندن دەکرێت ئەو پەردەیەی دپلۆماسییەت دروستی دەکات کەمێك تەنك بکرێتەوە تا خەڵك بزانێت سەرکردە سیاسییەکان لەسەر چارەنووسی وڵات چۆن بیردەکەنەوە. شەفافییەتی سیاسی بەلای خەڵکەوە گرنگە بەڵام مەودایەکی کورتی هەیە و لەمرۆوە تا سبەینی یە. خۆ ئەگەر ئاسایشی نەتەوەیی بخوازێ ئەوە دەکرێ هەندێك بیرورا بشاردرێتەوەو میللەتیش ببوورێت. بە مەرجێك دوایی بۆی روون بکرێتەوە. بۆیە شەفافییەتی سیاسی پێویستە بەڵام دەبێ کارێکی خێرا بێت چونکە گۆرانکارییەکان خۆیان خێران و وادەخوازن. ئەوەی بەلای خەڵکەوە گرنگە شەفافییەتی ئیداری و ئابوورییە و لەسەری دەوەستن.دەپرسن کادری ئیداری لەسەر چ بنەمایەك دادەندرێ؟ سەرمایەی وڵات، مووچە و ئیمتیاز و فرسەتی کۆمپانیاکان، کاری سەرمایەدارەکان چەندی بە رێگای حەقیقی خۆیان کاردەکەن؟ یان چەندیان لە رێگای بەرپرسە سیاسییەکان و مەحسوبیەتی تایبەتییەوە ئەم دەرفەتانەیان پێدەدرێت؟

شەفافییەت لەبواری سیاسی و ئابوریدا پەیوەندییەکی نزیکیان پێکەوە هەیە و وەك یەك پرۆسە تەماشا دەکرێن. کاتێك لە کاری شەفافییەتی سیاسی رووداوەکان لە خەڵك نەشاردرانەوە، کەواتە خەڵك لەسەر دیموکراتیەتی سیاسی رادێت، وەك فرەیی سیاسی و ئازادی بیرورا. جا ئەگەر لەسەر ئەمیان راهات دوایی داوا دەکات شەفافییەتی ئابووریش هەبێت کە سامانی وڵات دابەش دەکات و میکانیزمەکەی ئاشکرا بکرێت. ئەوکاتەی ئەو میکانیزمە ئاشکرا نەکرا ئەوە گەندەڵی لەوێوە دەستپێدەکات. گەندەڵی ئابووری پەیوەندی راستەوخۆی بە گەندەڵی ئیداریشەوە هەیە. گەندەڵی ئیداریش پەیوەندی راستەخۆی بە گەندەڵی سیاسییەوە هەیە.

کاتێك گەندەڵی سیاسی لە وڵاتەکەماندا هەبێ واباشە بە شتێکی سەیری تەماشا نەکەین. کاتێك کۆمەڵگایەکەمان پێکدێت لە بەرەبابی گەورە گەورە و عەشیرەت و لە

دین و نەتەوەی لێکدی جیاواز، ئەمانە جۆرێك لە ناسنامەو ئینتمای بچووك دروست دەکات کە لە خێزانەوە دەستپێدەکات و دەگاتە عەشیرەت و ناوچە و دین. لە کاری سیاسیدا ئەو کەسانە لێکدی کۆدەبنەوە. کاتێك شۆرشگێرەکان دەسەڵات بەدەستەوە دەگرن و خەڵکی دیکەش بەشداریان دەکەن، ئەو پێکهاتانە دەگوازرێنەوە ناو دەسەڵات. هەربۆیە دەبینی برای فلاَن کەس ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتییە یان ئەندامی کارگێری مەکتەبی سیاسی یەکێتییە لە فلاَن جێگا خاوەنی فلاَن کۆمپانیایە. ئەو نموونە وادانێین کە پاسەوانەکانی سەرۆ قادر کەسوکاری خۆنی، باشە بۆ خەڵکی دوور ناهێنیٚ تا بیپارێزن؟ هەر ئەو واقیعە کۆمەڵایەتییە وادەکات کە دەگوازییەوە بۆ ناو حکومەت، ئاگاشت لێنیە ئەو پێکهاتەیە دەگوازیتەوە ناو ئیدارە. ئەوە تەنیا خسوسییەتی کوردستان نیە هی هەموو ولاَتانی پەرەئەستێنە. هەربۆیەش لە دەوڵەتانی عەرەبی و ئاسیایی، خێزان ، عەشیرەت یان مەزهەب یان پێکهاتەیەکی لەم جۆرە دەست بەسەر دەوڵەتدا دەگرن. زۆر جاریش دەستبەسەرداگرتنەکە لە جۆری کودەتایی نیە بەڵکو خشانێکی کۆمەڵایەتییە دێتە ناو دەسەڵاتی سیاسی ، ناخوداگا(لێرەدا مەبەستم ناخوداگایی موتڵەق نیە) دەتهێنێتە ئەو ئاستە ئیدارییە.

لە ولاَتانی هەژاردا گەندەڵی درەنگ دروست دەبێت چونکە پارە بە ئاسانی دەستناکەوێت. بەلاَم ولاَتی ئێمە جیایە. چۆن ژێردەستەیی و درەنگ رزگاربوون، کارەساتەکانی کە لە مێژوودا نموونەیان کەمە (وەك ئەنفال و کۆکوژی و راگواستنمان بەسەردا پەیرەوکرا)، بەپێچەوانەوە سامانەکەمان بە ئاسانی دەستدەکەویٚ ئەویش نەوتە و لەژێر زەویەکەماندایە. هەر ئەو نەوتەیە کە وایکرد دوای سەد ساڵ تێکۆشانیش ئینجا هەر رزگاری یەکجارەکیمان دەستنەکەویٚ. ئالۆزییەکی یەکجار گەورەمان هەیە تا هەرێمی کوردستان توانیویەتی بەم شێوەی ئێستا خۆی بپارێزێت. جا ئەگەر ئەوە واقیعە مێژوویەکەمان بێت، لەو لایەوە ئێستا لەم قۆناغەماندا هیچ ماندو نابین و پارەیەکی زۆرمان هەیە. خۆ ئەگەر سامانی نەوت هەمووی بۆ کوردستان بگەرێتەوە

کارەساتی ترسناك ئەوکات لەناو کۆمەڵگای کوردستان روودەدات. ئەو کارەساتە حکومەتی کوردستان و نیزامی دیموکراسی و جیلی داهاتووش دەگرێتەوە. گەندەڵی سیاسی ئەوەیە کە من برایەکەی خۆم بکەم بە جێگری پارێزگاری فلان شارە یان بیکەم بە قایمقامی فلان شوێنە یان بیکەم بە ئەندامێکی دەسترۆیشتووی فلان لیژنە، لە هەمان جێگا دەرفەت دروست دەبێ کە رێگا بە کەسوکاری خۆت دەدەی لەکاتی تەوزیعکرانی سەرمایەی ولات جۆگەیەکی لێهەڵدەبەستێ و پاساوی یاساییشی بۆ دروست دەکات و بەڵگەنامەشی بۆ دروست دەکات. ئەوەیە کە دەبینی یەکێك لە پرێکا زۆر دۆڵەمەند دەبێت. ئەوانەش یەك و دوو و.. سەد دۆڵەمەندن . ئەوانە لەرێگای بەرهەمهێنانی ئاسایی و منافەسەی ئابووری دۆڵەمەند نابن چونکە دۆڵەمەندی ئاسایی درەنگ پێدەگات و کارەکەی دیارە و رێوشوین و نەرێتی خۆی هەیە و کەلتوری تایبەتی بۆ دۆڵەمەندەکان هەیە. ئەم دۆڵەمەندە ئاساییانە ولاتیش دۆڵەمەند دەکەن و دەستی کار بەگەر دەخەن، بۆیەش بە ئاسانی دروست نابن. ئەگەر وابا دەبوو لیبیا گەورەترین ولاتی سەرمایەداری ئەفریقیا بوایە چونکە زۆرترین نەوتی هەیە. کەچی لە شوێنێك یان لە سەمینارێکی ئابووری سەرمایەدارێکی لیبیایی نابینی. ( من دوو سێ کتێبم لەگەڵ خۆم هێناون تاکو ئەگەر ویستتان لەسەری بخوێننەوە) سەدام لە کۆبوونەوەیەك کە لەگەڵ هەندێك لە دۆڵەمەندەکانی بەغدای کردووە،، پێیگوتوون ئێوە هەمووتان کوڕی شۆڕشن و ئەو سەرمایەی هەتانە سەرمایەی شۆڕشی حەڤدەی تەموزە. سەددام حوسێن راستیدەگووت چونکە ئەو دۆڵەمەندانە هەموویان بەرهەمی گەندەڵی سیاسی و ئیداری و ئابووری خۆی بوون، هیچیان سەرمایەداری دەستی کارو بەرهەمهێنان نەبوون. سەدام حوسێن هەر خۆی نەیدەهێشت ئەو تۆعە سەرمایەدارە رەسەنانە دروست بن.

لە کوردستان زۆر جار دەڵێن گەندەڵی سیفەتی فلان حزبە. کەچی دەبێ بزانین گەندەڵی سیاسەت نیە بەڵکو لادانە، هەروەك چۆن نەخۆشیەکانی دیکە لە تاکە کەسدا

دروست دەبێ وەك لاساری و لادان و کوشتن و دزی و لادان لە بنەما ئەخلاقییە باوەکان، ئەوانە لە زانستدا پێیدەگوترێ نەخۆشی، لادانی پارەی ولاتیش بەبێ ئیشکردن و ماندوو بوون بەشێکە لەو نەخۆشیە کۆمەلایەتیە، ئەو کەسە نەخۆشەکە ئەم کارە دەکات. بۆیە ئەوانەی لە پانتایی گەندەڵی ئابووریدان ئەوانە کەسانی لادەرن تەنانەت ئەگەر شۆرشگێریش بووبن. ئەمە سیفەتێکی ئالۆزە یەکێکی شۆرشگێری لەوانەیە گەندەڵ بێت! ئەمەیە ئاراستە و دیقەتی کۆمەڵایەتی بەسەهو دەبات. لە ولاتێکی وەك ئێمە کە نەخوێندەواری زۆرە، زەحمەتە چەمکی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی لە کابرای نەخوێندەوار بگەێنی. ناتوانی چۆنیەتی پێشکەوتنی بەرهەنهێنانی تێبگەێنی و تێبگات شەفافییەت چەند پێویستە. لە کۆتاییدا من و ئێوەش ناتوانین کابرای نەخوێندەوار حاڵی بکەین کە حەقی تۆ نیە سامانی ولات بۆ بەرژەوەندی خۆت بەلاوە بنێی. بۆیە ئەو دەنگە بەرزەی کەوا زیاتر لە ساڵێکە هاوار دەکات گەندەڵی هەیە و لێپرسراوان گەندەڵن. خۆ ئەم قسەیە زۆری راستە بەلاَم ئایا لە پشت ئەو قسانەوە پرۆژەیەك دەدەنەدەستەوە بۆ کۆتاییهێنانی گەندەڵی؟ یان( لەم قسەیەم بەرپرسم) لە کەلتوری ولاتەکەمان خۆزگە بە گەندەڵی هەیە؟... لە قولایی نەبرەکاندا شتێك هەیە دەڵێ دە کاکە جێی منیش بکەوە با منیش هەندەکی بخۆم! بەدیلی بۆ لابردنی گەندەڵی پێنیە تاکو ولات بکەوێتە سەر رێچکەیەکی دروست و لادان نەمێنێ.

لە کەلتوری رۆژهەلاتی ناوەراست و ئیسلامیدا یەکەم/خواردنی ملکی دەولەت حەرام نیە چونکە ماڵی خودایە. دووەم/ لە سەد ساڵ تێکۆشانی میللەتی کورد لە دژی حکومەتی عیراق، ئەم قەناعەتە بووەتە بە بەشێك لە کەلتور و قەناعەتی ئەم میللەتە کە چۆنی بۆت دەلوێ زەربە لە حکومەت بدە چونکە دوژمنتە. ئێستا بە ماوەیەکی کورت ناتوانی ئەم قەناعەتە بسریتەوە. لەو کەلتورەی رۆژهەلاتی ناوەراستدا یەك ولاتی سەرمایەداریی نابینی. ئەگەر ئێمە دوای سەد ساڵ بووینەتە نیمچە دەولەت( ئینشالا دەبینە دەولەتی کامل) ولاتی دیکە هەیە بەر لە سەد ساڵ دەولەتە و نەبووەتە

دەوڵەتێکی سەرمایەداری بەڵکو سەرچاوەو لانەی گەندەڵییە. بۆ نموونە وڵاتانی کەنداو بەتایبەتی سعودیە کە سەرزەمینی پیرۆزی موسوڵمانانە گەندەڵترین شوێنی ئەم دنیایەیە؟ بۆچی سەرچاوەی ئەو هەموو تیرۆرەیە کە دنیای تیکداوە؟ بۆچی؟ ( نموونەی رۆژهەلاتی ناوەراست بە شوێنێك بێنینەوە کە زۆر کامڵ بێت). کەواتە لە کەلتور و دینی ئێمەدا، هەروەها لە کەلتوری بزووتنەوەی رزگاریخوازی میللەتی ئێمەدا ژمارەیەك قەناعەت و چەمك دروست بوونە، یارمەتیدەرن تا هاولاتی بەبێ ماندوبوون چاوی لەوە بێت پارەی بۆ کۆبێتەوە.قسەیەکی کوردەواری هەیە دەڵێ زۆر خۆشە لە پرێکا ببیتە کورێك. واتە ئەگەر هیچ کارت نەکردبێ بۆ سبەینێ ببیتە دۆڵەمەندێکی گەورە، هیچ ماندو نەبوویت دەبیتە وەزیرێکی زۆر عەنتیکە، هەوڵێکی ئەوتۆت بەکارنەهێناوە دەبیتە ئەندامی مەکتەبی سیاسی. خۆ ئەوانە هەموو ئیمتیازن. کەواتە گەندەڵی و نەبوونی شەفافییەت ئەگەر لای ئێمە زەمینەیەکی نێودەوڵەتی هەبووبێ ئەوە زەمینەیەکی دیکەی کەلتوری و دینی هەیە و لە ناو کەلتوورەکەشدا کە کەرستەی کەلتوری سیاسی عێراق هەیە، ئەمە بە حکومەتەکانی عێراق و بە بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستانیشەوە.

دوای ساڵی 1991 پاشەکشە بە عێراق کرا و پێشمەرگە هاتەوە ناو شار. لە ناو میللەتێکی ژێردەستەدا 1- حکومەتی شۆڤێنیست 2- فاشیست لە رەفتاردا نەیهێشتبوو ئەم ناوچەیەی کە خۆیان پێیاندەگووت باکوری عێراق کە وڵاتی ئێمە کوردستانە، هیچ شارەزاییەکی کارگێری و سیاسی تێدا دروست بێت، بە پێچەوانەی ئەوەوە گەمارۆ درابوو، بەردەوام کاری لەسەر دەکرا بۆ کوشتن و شێواندن و روخاندنی شەخسییەت. ئەو وڵاتانەی لە شەری گەورە قورتار دەبن شێواندنی کەسایەتی و کۆمەڵایەتی بەڵایەکی ئەوەندە گەورەنە کە بە ئاسانی لەدەستی قورتار نابن. جیا لەوە بەڵایەك نیە تەنیا بە نەوەی بەڵادیتو کە پاش ماوەیەك دەمرێ کۆتایی بێت، کارەسات ئەوەیە دەگوازرێتەوە بۆ نەوەی دووەم و سێیەمیش. چارەسەر کردنی

ئەوەش بە سیستەمێکی پر پرۆگرامی  بیرلێکراوەی حکومەت دەکرێ کە بتوانێ لە پەروەردە و هوشیارکردنەوەی کۆمەڵایەتی، یارمەتیدانی رێکخراوە مەدنیەکانیش بدات کە دەتوانن یارمەتی هەڵسانەوەی تاکەکانی ناو کۆمەڵ بدەن تا لە ئاسەوارەکانی جەنگ قورتاریان بێت. بۆنموونە دەبێ چاوەروانی چیمان لە گەنجێك هەبێت کە بستێك ساوا بووە بەبەرچاویەوە باوکیان برد و ئەنفالیان کرد، گوندەکەشیان وێران کرد و لە هەولێر بە سوالّ دەژیا، ئێستا تەمەنی سی ساڵە. دەتەوێ پیاوێکی شەفاف و ناگەندەلّ و هێمن و زانا بێت؟ یان لەوانەیە پیاوێکی عەسەبی و چ نەدیتکەی دەستەوستان کە قەت تێری نەخواردووە و ئێستا سامان بکەوێتە بەردەستی لەوانەیە وابزانێ رۆژێکە و دەبێ لێیبدا و بروات! سەیری ئەو کارەساتە بکە قوربانیدەرترین خەڵکی وڵاتەکەت لەوانەیە گەندەڵترین کەسی کۆمەڵگاکەتی لێدەرچێت! ئەمە سوکایەتی پێکردن نیە، واقعییەتە. ئێمە میللەتێکین خاوەنی ئەم کارەساتانەین و ئەوانەی لێرە دانیشتووین ئەو کارەساتانەمان تێپەراندووە. مرۆڤی کارەساتدیتوو ناکرێ مەلایکەت دەرچێ و هیچی پێوەدیارنەبێ. با نموونە ئەمەی گووتم بە من بێنینەوە: خۆ من سیفەتی سەگم نیە لە هەموو قوڕ و چڵپاوێکم بدەن، دوایی بڵێن خۆت راوەشێنە هیچت پێوەنەمێنێ. روحی ئینسان شەفافترین کائینی سەر ئەم زەمینەیە کە هەموو قوپاندن و ئازارێك شوێنەواری بەسەرەوە دەهێڵێ و گرفتی گەورەی مرۆڤ ئەوەیە بە ئاسانی لەدەست ئەم شوێنەوارانە قورتاری نابێت. بۆیە کاتێك عێراق پاشەکشەی لە کوردستان کرد ، تاکە بەدیلی دەسەڵات بەرێوەبردن بزووتنەوەی شۆرشگێریی بوو.

لەلای بزووتنەوەی شۆرشگێری، چەمکی دیموکراسی تەنیا لە پەیرەوپرۆگرامدا هەبوو، کە چی زەمان نیشانیداین دیموکراسی شتێکی دیکەیە و تەنیا خوێندنەوەی کیتێبان نیە و جێبەجێکردنیشی کارێکی ئاسان نیە. بە تەجرەبە دەرکەوت زانکۆ و پەیمانگاکانی کوردستان وادروستکراون کە ماکینەی دروستکردنی ئەو کەسایەتییە

روخاوانە بن کە فاشیزم و حکومەتی شۆفێنیستی عێراق دەیەویست. خۆیان دەیانەویست زانکۆکان لەم چەشنە بن( لەگەڵ رێزم بۆ هەموو مامۆستاکانی زانکۆکان) چونکە ئەوە نیزامە بەرزی و نزمی زانکۆکان دروست دەکات. من لەو کەسانە نیمە سوکایەتی بە هیچ ناوەند و هەوڵێکی زانستی بکەم، بەڵام سەیر بکە زانکۆی بەغدا چی لێدەردەچن؟ جا سەرباری ئەو هەموو هاوکاریانەی بە زانکۆکانی هەولێر و دهۆك و سلێمانی کرا، لە ماوەی چواردە ساڵدا نەیانتوانی ستافێکی ئەوتۆ بخەنە مەیدان کە نەك بەدیل بەڵکو هاوکارێکی باشی کادری شۆرشگێر بن بۆ بەرێوەبردنی وڵات. بۆیە هیچ منافەسەیەك لەم بوارەدا نیە و ئەمەش خۆی کارەساتێکی دیکەیە. تەمایەکی دیکەمان بە جالیەی کورد لە دەرەوە هەبوو تا شارەزامان بۆ بنێرنەوە، جیا لە ژمارەیەکی زۆر کەمیان، کاتێك دەرگا کرایەوە بۆ هاتنەوەیان، دەرکەوت بە غەیری کارکردنی پەراوێزیی ئەورووپا، هیچ بوارێکی دیکەیان نەبووە. ئەوەش دەرفەت نادات کادری دەولەتمەدار دروست بکات. لە دوا وێستگەدا منافەسەی سیاسیی و شەری ناوخۆ لەناو کوردستاندا لێنەگەرا سەرکردایەتی سیاسی دەرفەتی پێگەیاندنی کادری شۆرشگێری هەبێت تا ئەو کەسانەی تواناییان تێدایە وردە وردە بخوێنن و پێشبکەون. ئاخر دەرفەتی پانزدە ساڵە یەکجار زۆرە، هەر پێنج ساڵ بەسە تا ستافێك پێبگەیەندرێ، بۆئەوەی بەلای کەمەوە توانای بەرێوەبردنی وڵاتی هەبێت و گرفتەکانی کەمتر بێت. ئەو جێگۆرکێیەی لە پۆستی وەزیرەکان و پۆستەکانی دیکەدا دەکرا چ ئەنجامێکی هەبوو؟ هەیە چوار جار کراوە بە وەزیر و لابردراوە، رووننەکرایەوە ئەو وەزیر و بەرێوەبەرەی لەو ماوەیەی لاتانبردبوو ناردتە خوێندن، دەورەت پێدیت یان دەرفەتێکی بۆ رەخسا شتی نوێ فێر بێت؟ وەڵامەکەی نایە، چونکە منافەسەی حزبی بووە پێوەر بۆ ئەوەی کێ جێی کێ بگرێتەوە. هەر ئەوەش بوو لە کابینەی یەکەم و دووەمدا دەیانگووت جێگری وەزیر رێگری وەزیرە و وەزیریش قاتلی جێگرەکەیەتی. لە شەری ناوخۆشدا دیتمان چۆن وەزیر جێگرەکەی خۆی دەگرت.

ئەمە تەجرەبەی کوردانە لە ولآت بەڕێوەبردندا، بەو مانایە نیە ئەوە پارێتە و ئەمە یەکێتییە، ئەمە ئێمەی کوردین و واقیعی کۆمەلآیەتی ئێمەیە. ئەوەش کەلێنێکی زۆر گەورەی لەنێوان کادری شۆڕشگێر و میللەتدا دروست کرد. ئەو پێشمەرگەیەی بە حەیاتی خۆی ئیسراحەتێکی نەکردوە کە دەبێتە وەزیر، بەڕێوەبەر ، ئاسایش، ئەویش کوری ئەم کۆمەلگایەیە و ئاوها دەژێت کە بینیوتانە. واتێدەگات دەرفەتێکی ژیانە و دەبێ قەرەبووی بکاتەوە. ئایا بەشێوەیەکی ماقول و قانونی یان بە پێچەوانەوە؟ هەموومان ئیعتراف دەکەین کە هەندێك لە لێپرسراوانی ئیداری بە شێوەیەکی ناماقول قەرەبووی رۆژانی شاخیان کردەوە کە  چی مەحرومییەت بوو کێشایان و هەموو رۆژێکیش مەشروعی شەهیدیی بوون. هەربۆیە لە ماوەیەکی کەمدا ئەو زاکیرەیە لای خەلك زیندو بووەوە کەوا ئەوەی لێپرسراوانی دەسەلآتی شۆرشگیر لە ژیانی تایبەتیدا دەیکات، زۆری لەو ژیانە دەچێ کە پیاوانی داگیرکەری عیراق دەیانکرد. ئەمە لە کردەوەی تاکە کەسی هەندێك لێپرسراودایە نەك لەو نیزامە سیاسییەی کە هەمانە. هەندێك موعاریز و تووندرۆ خەلکیان لەم بوارەدا بەسەهو برد کە گوایە هیچ فەرق لەنێوان دەسەلآتی بەعس و حکومەتی کوردستان نیە. هەلەکە لەوەدایە، فەرق زۆرە ئەمەیان حکومەتی خۆتە و کەموکوری هەیە، کەچی ئەویان داگیرکەر بوو دەبووا بڕوات.

ئەگەر بگەڕێینەوەسەر گەندەلی سیاسی، ئەمانەی خوارەوە دەگرێتەوە: مەحسوبیەت لای هەمووان روونە، ئەمە تەنیا براو کەسوکار نیە، مەحسوبیەتی حزبی و سیاسیش هەیە. کەنگێن مەحسوبیەت کۆتایی دێت؟ کاتێك متمانە هەبێت. قسەیەکی سەرۆك مەسعود بارزانی هەیە کە لە سالی 1998وە زۆر تاکیدی لەسەر دەکاتەوەو دەیگووت (هەموو گرفتەکان ئەوکاتە چارەسەر دەبن کە متمانە بگەرێتەوە نێوانمان). متمانە مانای ئەوەیە کەوا منی سەرۆ قادر لەگەل کاك ئەبوبەکر عەلی(بەرپرسی راگەیاندنی یەکگرتووی ئیسلامی) لە یەك وەزارەتدابم و هەست بکرێ کە یەکدی لەغو ناکەین ئەوە

سەرەرای جیاوازی روانگامان بۆ داهاتووی پێگەیاندنی نیزامی کۆمەڵایەتی کوردستان. بەڵام کاتێك ئەو متمانەیە نەبوو، لە نێوان پارتی و یەکێتیش بە پلەی یەکەم چونکە ئەوانن ئەم وڵاتە بەرێوەدەبەن. هەڵبەت سەرباری ئەوەی زۆر لەو متمانەیە گەراوەتەوە بەڵام تا ئێستاش کە لە بەرێز مام جەلال و سەرۆك بارزانی دێتەخوارتر، دەبینی متمانەکە شل دەبێتەوە. کەواتە تا متمانە کامڵ نەبێت ئەوە مەحسوبیەتی سیاسی هەردەمێنێ. لەوەشدا هەموومان سەر بە حزبی خۆمانین جا با پارتی ، یەکێتی ، شیوعی یان یەکگرتووی ئیسلامی بێت. هەمووشمان کوری ئەم کۆمەڵگایەین و دەزانین لەناو دەسەڵاتدا چۆن پەیرەوی دەکرێ. ئەگەر ئەوە هەبوو ئەوجا کەسوکاریش دێنە ناو معادەلەکە.

ئەو واقیعە کەشێکی وا دەخولقێنێ ئەگەر لەو پانزدە ساڵەدا شارەزا دروستیش بووبن، لەو جەوی مەحسوبیەتەدا پاشەکشە بکەن. تاجێی شارەزایەك دەکرێتەوە قیر سپی دەبێ، هەندێك جاریش دەبینی بەبەرچاوی تۆوە بە شەق دەریدەکەنەدەرەوە. ئەوە کاتێکە مەحسوبیەت گەندەڵی زۆر دەکات و شەفافییەت ناهێڵێ و ناهێڵێ شارەزایی جێگای خۆی بگرێ.

ئەگەر بەرژەوەندی باڵای نیشتمان لەسەرەوەی هەموو کێشەو جیاوازییەکان بێت، کاتێك وڵات کەوتە خەتەر هەموو جیاوازی و کێشەکان کۆتاییان دێت هەموو بەرژەوەندییەکانمان لەوێ کۆدەبێتەوە. بۆیە تا نەبینە دەوڵەتێکی سەربەخۆ، ئەو مناقەشانەی ئێمە و کابینە دوای کابینەکانمان و هەڵبژاردنەکانمان دەکەونە لەرزە ئەگەر بۆ نموونە یەکجار بریمەر یان فلان ژەنرالی ئەمریکایی یان فلا سەرۆك وەزیری عیراقی بڵێ لە فلان وەعدی خۆم پەشیمان بوومەتەوە. لەوکاتەدایە هەموو کیانی سیاسی ئێمە دەکەوێتە تەنگوچەڵەمەوە. ئەوکات دەیانی وەك من دێنەسەر تەلەفزیۆنەکان و دەڵێن کاکە بەرژەوەندییە گشتییەکە لە خەتەردایە، بۆیە پێویستە هەموومان یەکبگرین. لە وڵاتانی داچەسپاودا پەنجا ساڵ جارێك شتی وەها روونادات.

چونکە لە  حاڵەتی ئاوهادا بەرژەوەندی سیاسی و شەخسی نامێنی و دەبێ میللەتەکە هەموو تواناکانی تێکەڵ بکات تا لەناونەچێ. کەچی کوردستان ساڵ نیە چەند جار ئەوەی بەسەر نیەت. بۆیە پێویستە ئەم راستیە بزانین تا پرۆسەی دەوڵەتی سەربۆخۆی کوردستان تەواو نەبێت، دەبێ چاوەڕێ بین کەلێن و کەلەبەر بۆ ناشەفافییەت و ئەو بومەلەرزانەی تێکەڵمان دەکاتەوەو گەندەڵی دەیقۆزێتەوە، دەمێنێ. لەو کاتانەشدا زەبردان لە نیزامی دیموکراسیش کارێکی ئاسانە. ئەوەش لە کاتێکدایە کورد ناتوانێ ببێتە دەوڵەت ئەگەر وڵاتێکی دیموکرات نەبێت. سەیر بکەن ئەمانە گشتیان پیکدی ناکۆکن، بەڵام چارەنووسی کورد وایە دەبێ بۆ سەربەخۆیی بە رێگایەکی ئاوها ناکۆکدا(پر لە موتەناقیزات) تێپەرێت.

ئەم قسانە بۆ پاساوهێنانەوە ناڵێم. بەڵکو دەمەوێ سەرنجی سەرۆکایەتی و حکومەتی کوردستان و خەڵکیش بۆ ئەوە رابکێشم کەوا ئێستا بووەتە پێویستییەکی بەوەج و پێویستە میکانیزمێك بۆ کەمکردنەوەی ئەو بەڵایانە ( گەندەڵی و ناشەفافییەت) بدۆزرێتەوە. هەروەها دەبێ ئاگاداربین هەندێکجار بەرژەوەندی باڵای نیشتمان بۆ بەرژەوەندی شەخسیش دەقۆزێتەوەو بەد تەفسیر دەکرێ. ئەوە نیزامی کۆمەڵایەتییە کە نیزامی سیاسی لەسەر دروست دەکرێ. ئەگەر هەردووکیان چەسپاو نەبوون ئەوە بوار بۆ گووتنی راستیەکانیش نامێنێ. ئەو گۆرانیەی کە دەڵێ (هەر من دەزانم کوێم دێشێ بەو داخەوە رۆژێك دەمرم) لەوانەیە هەر بۆ دڵداری نەگووترابێ. بۆ نموونە ئەو تەنگوچەڵەمانەی لە نێوان حکومەتی کوردستان و حکومەتی عێراق دروست دەبن، ئەگەر هۆکار و کاربەدەستەکانی ئاشکرا بکەین هەر سبەینێ تەنگوچەڵەمەیەکی گەورەی سیاسی ناوخۆ دروست دەبێ. کەوابوو من ناتوانم بیڵێم، کەواتە شەفاف نابم لە کۆتایشدا بۆیە نیزامی دیموکراسی کەموکوری تێدا دەمێنێ. وێدەچێ تا ماوەیەکی زۆریش ئەوە چارەنووسمان بێت.

وەك ئاماژەم کرد ئەو کەلێنە بەرینە لەنێوان کادری بەرێوەبەری ئیدارە و خەڵکدا هەیە. بەشی هەرەزۆریش بۆ ئەوە دەگەرێتەوە کە ئاماژەم بە هۆکارەکانی کرد. بەشێکی دیکەشی بۆ ئەوە دەگەرێتەوە کە تا نەبینە دەوڵەت سەرچاوەکانی وزەمان ناکەوێتە بەردەست و گرفتی بێوزەییمان پێچارەسەر ناکرێت. بەداخەوە تا ئەم دواییە حکومەتەکەمان رانەهاتبوو راستیەکان بە خەڵك بڵێت. بۆ نموونە کێشەی سوتەمەنی دیارە کە سەرچاوەکانی لە دەستی کوردستاندانین. دەبوا لە رۆژی یەکەمەوە ئەم مەترسییە بە میللەت بگووترێ کەوا عێراق و ئەمریکا نایەڵن بە خێرایی نەوت دەربێنین و ئەوەی عێراقیش هەیەتی نایەڵێ بگاتە کوردستان. کاتێکیش سوتەمەنی نەما و خەڵك سەرما و گەرمای بوو، هاتووچۆ گران دەبێ، پارە قیمەتی نامێنێ، ئەوانە هەموویان بەڵای ئەوتۆن کە لەو مەسیرەی من باسمکرد، بەسەر هەر کەسێکدا بێت ئەوە تورە و بێزار دەبێ. بەڵام ئەگەر حەقیقەتەکەی بخەیتەبەردەم، بێزارییەکەی بێزاری کوری ناو ماڵ دەبێ نەك بێزارەیەك بیەوێ حکومەتەکە بروخێنێ. ئێستا حکومەت ملی لەبەرناوە راستیەکان بەخەڵك بڵێت. دووەمین بەشی وزە کارەبایە. کاتێك حکومەتی داگیرکار رۆیشت هیچی بۆ بەجێنەهێشتین. بەم حاڵەی ئێستا حکومەت ناتوانێ نە سوتەمەنی و نەکارەبا دابین بکات و نە هیچ حکومەتێکی دیکە لەم حاڵەدا دەتوانێ بیکات. ئەگەر بۆل بریمەریش بکەیت بە سەرۆکی حکومەتی کوردستان نە ئێستا و تا پێنج ساڵی دیکەش ئەم دووانەی پێدابین ناکرێ. تەنیا یەك رێگا هەیە ئەویش دەبێ کەرکوك و ناوچەکانی دیکە بگەرێنەوە سەر کوردستان جا ئەو کاتە لێگەرێن پاڵاوگای گەورە دامەزرێنین تا نەوت جاری یەکەم بۆ پێویستی ناوخۆ دابین بکات. ئەگەر سوتەمەنی هەبێ ئەوجا دابینکردنی ئیستگای کارەبا وەك سوپەر مارکێتەکانی مازی و نیوسیتی ئاسان دەبێت. هاوکێشەکان زۆر سادەنە بەڵام بەداخەوە حکومەت زۆر درەنگ ئەوانەی بەخەڵك گوتوون. ئەوانە هەموویان دەیسەلمێنن تا سەربەخۆ نەبین و لە عیراق جیا نەبینەوە ئەوە حاڵمان دەبێ.

سەیربکەن ئەوە نەود ساڵە لەگەڵ عێراق لە شەرداین، لە ساڵی 1970 وە بۆ ماوەی سی ساڵ قۆناغی رەشترین ممارەسە دیکتاتۆری و رژێمێکی شۆڤینی داگیرکار لە کوردستان بووە، دوای ئەوە تەجرەبەی خۆشمان هەیە کە لە ساڵ1991وە دەسپێدەکات. هەموو ئەوانە کۆمەڵێك نەرێتی پێکهاتەی کەسایەتی و پیکهاتەی حزبەکان و رێکخراوەکان و جۆری حکومەت بەرێوەبردنیان دروست کردووە . ئەوانە شکڵ و شێوازی نیزامی سیاسی کوردستانی دروست کردووە. ئەوانە نیشمان دەدەن کۆمەڵگاکەمان تووشی زۆر نەخۆشی بووە بەڵام بەکام مانا؟ کاتێك حزب لە پێویستییەکی سیاسییەوە ببێتە بنەمای مەحسوبیەت بۆ کاری ئیداری، وایلێهاتووە ببێتە بنەما تا لە گەرەکێکدا نفوزت هەبێت، تاك تاکی خەڵکی ئەم وڵاتە چاوی لێیە لە رێگای حزب و رێکخراوەکانەوە معاش وەربگرێ. نەفەرێکت دەستناکەوێت کەوا تەمای کارخانەیەکی بچووکی هەبێ و بەرهەمبێنێ. یەك ئەندازیارت دەستناکەوێ خاوەنی روانگایەکی لەبار بێت بۆ جوانکردنی شارێکی گەورەی وەك هەولێر کەوا بە خێرایی پەرەدەستێنێ. توێژی دکتۆرەکانی لێدەرچێ کەوا دوانەکەوتوون، وڵاتێك ئەم هەموو تەنگژەی هەبێت کەچی کرێکار لە هندستانەوە دێنێ و خۆی کار ناکات. ئەوانە نیشانەی نەخۆشێتی میللەتن. کەسانێکی زۆری تێدایە بەشەرتێك (لەکاتی هەڵبژاردنەکان) دەنگ دەدات کە معاشی بدەیتێ. ئەمەش جۆرێکە لە نەخۆشی( گەندەڵی). ئەم نەخۆشییە هەموومان دەگرێتەوە بە منیشەوە، تا هەموو گەرەك و گوندەکان.) گوندیمان هەنە چوار جار دەیانگێریەوە و دێنەوە ناو شار و ئامادە نیە بچووکترین منافەسە لەگەڵ بەرهەمەکانی دەرەوە بکات. یەکێتیەکانی جوتیاران کوان دیفاع و پێشنیار لە پێشکەوتنی بەرهەمهێنانی جوتیاران بکەن؟ بۆ نموونە من چوومە گوندێکی بەرواری باڵا تەنیا چەند پیرەمێردێکی لێبوو. گووتیان ئێمەش بۆ یادگاری دێینەوە ئێرەو گەنجەکان هەموو بوونەتە پۆلیس و ئاسایش یان لە رێکخراوەکاندا کار دەکەن. هەموویان لە شارەکانن.( دەزانن بەرواری باڵا چەندبە پیتە وەك هەموو

دەشتەکانی بیتووین و شارەزوور و گەرمیان). کام گەنج لە نەخوێندەوار تا زانکۆ هەیە بڵێ ئەوە پرۆژەی منە بۆ کارکردنم لەم بوارانەی وا پێشنیارم کردوون؟ وەڵڵا نە دیتوتانەو نە گوێتان لێی بووە. تەنیا داوا دەکەن ئەگەر بکری نامەیەکم بۆ بنووسی بۆ فلان وەزیر و گزیری بەڵکو معاشێکم بۆ ببڕێتەوە. لەم وڵاتەدا کەسی وا زۆرن نزیك دە معاشیان هەیە و ئەگەر کۆی بکەیتەوە لە معاشی وەزیرێك کەمتر نیە ئینجا هەر نارازیە !و باسی گەندەڵی دەکات! ئەم قسەیەم بەنموونەیەك وەربگرن لەناو میللەتێکی نەخۆشدا کە میللەتی شێواوی دوای شەری پێدەڵێن، سەرنج بدەنە ئەم سیفەتانە کە هەموویان نەخۆشین: گومان کردن، پیلانگێران، باوەرنەکردن، ئەوانە سیفەتە گشتیەکانی کۆمەڵگای ئێمەنە. جا لەم کەشەدا چۆن بە ئاسانی دەتوانی کەلتوری شەفافییەت و دیموکراسی وقەلاچۆکردنی گەندەڵی بچەسپێنی؟

پرسیار دەکەم ئایا لە وڵاتی ئێمەدا سەرمایەدار هەیە؟ ئەگەر هەبایە دوو جوامێر لەبەرامبەر نێچیرڤان بارزانی کاتێك بازاری نێودەوڵەتی هەولێری کردەوەو گووتی ئەم بازارە گەورەمان بەهاوکاری سەرمایەدارەکانی دەرەوە دروست کردووە و خۆزیا سەرمایەدارانی ناوخۆشمان بەشدارییان کردبا, دەیگووت ئەزبەنی من هەبووم بەڵام لەبەر منافەسە و گەندەڵی رێگاتان نەداین.

لەو وڵاتە پارەدار هەن بەڵام سەرمایەدار نین. سەرمایەدار دەزانیێ چۆن سەرمایە بەگەڕبێخێ و رانەوەستێ. یەکێك لە قسەکانی دۆڵەمەندە کۆنەکانی کوردەواری ( کە ئێستا نەماون) ئەوەیە پارە وەك ئاو وایە کە کە بەریگیرا بۆگەن دەبێ. لەلایەکی دیکە بازرگانی جیهانی لەسەر بنەمای بانك بەرێوەدەچێ. پەرلەمانی کوردستان دەبێ جورئەت وەبەر کۆمەڵگا بێنێ و یەکێتی مامۆستایانی ئاینی کۆبکاتەوەو پێیان بڵێ یاڵا فتوا بدەن نیزامی بانکی حەڵاڵە و حەرام نیە، سودی بانکی هەر ناوێکی لێبنێی حەڵاڵ بکرێ. تا ئەم قۆناغە تەجرەبە نەکەین و سەرمایە نەك لە زاخۆ تا خانەقین بەڵکو بە یەك دوگمەی ئەنتەرنێت لە هەولێرەوەو نەگاتە چین و ئەمریکا ، سودو قازانجەکەی

بۆئێرەو ئەویَ شەرعی نەبیَ ولآت پێشناکەویَ. پارەدارەکانی ئێمە زۆربەیان سەرەك جاش و هاوکارەکانی حکومەتی پێشووبوون، ئەویش تا بەم چەشنە رەفتار بکات، جوامێری وەك پێشمەرگەش فێر دەبیَ پارە کۆبکاتەوەو عافێتیشی بێت. بەم چەشنە گەندەڵی بەردەوام دەبێت. ئێمە پێویستە گرفت و کێشەکانمان کەشف بکەین تا بتوانین چارەسەریان بکەین. لە بیرمە لە کاتی ئاوارەییمان تا دایکم نەخۆش دەبوو من دەمبردە لای دکتۆر، پێیدەگووتم: پێیبڵێیَ ئێرەم و ئێرەم دێشیَ. رۆژێك دکتۆرێك قسەی پێبڕیم و گووتی: دەلێگەڕیَ با بۆخۆی نەخۆشیەکانی بڵیَ خۆ زمانی پێوەیە.

ئێمەش دەبیَ زمانمان بکەینەوە و ئێش و ئازارەکانمان بڵێینن ئەو قارە قارەی دەکریَ و دەڵیَ: تۆ سولَتەی و من سولَتە نیم، ئەوە قسەی قۆرە و ولآت دروست ناکات.( چونکە دانیشتنەکە بۆ دیراسەیە هەرکەسێك حەزی لە قسەی من نیە دەتوانیَ دەربچێت ، ئەوەی دەشمێنێتەوە مەمنونم) تا معاشدان بە خەڵك لە مقابیل کارنەکردندا بەردەوام بێت و حکومەت لە پارە بەخشینەوە بەردەوام بێت ( دەڵێن 65٪ بوجەی حکومەت بۆ معاشەکان دەروات) ئەوە لەبارترین زەمینەیە بۆ بڵاوبوونەوەی گەندەڵی. جا ئەگەر بەجدی چارەسەر نەکریَ و تەجرەبە ساغەکەی دەرەوەی بۆ نەهێندریَ نە گەندەڵی بە ئاسانی کۆتایی دێت نە کەمیش دەبێتەوە، نە شەفافییەتیش لە کۆمەڵگایەکی تەقلیدیدا کارێکی ئاسان دەبێت. جا ئەگەر ئەو پارە زۆرەی نەوتمان بۆ بگەرێتەوە، لەم بەڵایانە زیاد دەکات و کەمتری ناکاتەوە. مەترسییەکە ئەوەیە دوورنیە بمانبات بەرەو کۆمەڵگای خەلیجی واتە نموونەکەیان کۆمەڵگای سعودیی. لەویَ خەڵك چاوی لێیە خزمەت بکریَ و بۆ کاری ناوماڵیش لە دەرەوەرا کرێکاریان بۆ بێنن.

من هەوڵمدا هەندێك لە گرفتەکان باس بکەم و دۆزینەوەی چارەسەر ماندوبوونێکی زۆری دەویَ و کاری خەڵکی دیکەیە. ئەگەر لە قسەکانمدا هەستی کەسم بریندار کردبیَ داوای لێبووردنتان لێدەکەم. تەجرەبەی من وەك پێشمەرگەیەك کە تا ئێستا بەردەوام بوومە و لە لایەنی دەسەڵاتیشدام، پێویستە قسەکانم فەرقی هەبیَ لەگەڵ ئەو کەسانەی

له قەراغ و له موعارەزەدا قسەدەکەن. من لایەنگری ئەم حکومەتەم و بەشێکم لەو بەڵام کەموکوریەکان زۆربەیان کۆمەڵایەتی و کەلتوریشن. من نەهاتووم راچێتیکی پڕ له چارەسەری باس بکەم، قسەمانیشم قسەی دیکەی کێشاو ئێوەش سوپاستان دەکەم کە گوێتان بۆ گرتم و مناقەشەتان کردم، بۆیە بیست دەقیقە زیاتر قسەم کرد بۆیە بیست جار داوای لێبوردنتان لێدەکەم. ئێمە نەوەکێن بۆیە کۆبووینەوە باسی کێشە هەرە حەساسەکانی ئەم وڵاتە دەکەین، زۆر لەوانەی لێرەین له کارەساتەکاندا بەشدار بووین و هەندیکمان له مقاوەمەتەکانیشدا بەشدار بووین. من گووتم شەفافییەت بریتتیە له و میکانیزمەی کەوا له وڵاتانی پەرەسەندوی دیموکراتی خاوەن تەجرەبە، له کەلتورێکدا کە دیموکراسی تێدا شۆر بۆتەوە، ئەو میکانیزمە پەنجەرەیەکی رووناك دادەنێ له نیوان ژیانی شەخسی و ئابووری و سیاسی. ئەمە پێیدەگوترێ شەفافییەت. له کەلتوری ئێمەدا شەفافییەت لەرووی دینییەوە نەك هەر حەرامە بەڵکو لەرووی کۆمەڵایەتیشەوە عەیبە. کام له ئێوە ئامادەن بیرەوەریەکانتان بەراستی بنووسن نەك بەخۆ هەڵاگووتن. کێ له ئێمە قبوڵ دەکات عەیبەکانی بگووترێن؟ له کۆمەڵگای داخراودا هەموو شتێك عەیبە. له کۆمەڵگای دینی پیرۆزیی هەیە وەك چۆن پیرۆزیی سیاسی و کۆمەڵایەتی هەن. ئەوروپا هەموو ئەوانەی تەفروتونا کردن هەربۆیەشە وادەکات سەرکۆمار دێنن له ژیانی شەخسی دەپرسنەوە ( نموونەی کلنتۆن و مۆنیکا)بەڵام پێی سوك نەبوو، له پلەکەشی نەهاتەخوارێ. له وڵاتی ئێمەدا کەس رێگا دەدا لێی پرسن چۆن ژنت هێنا؟ جا ئێمە کە دانیشتووین و باسی خۆمان دەکەین دیارە گرفتمان هەن. به سەدان دانیشتنی ئاوها ناگەینە چارەسەری نیهایی، ئەگەر وا بیرنەکەنەوە غەدر دەکەن. پرۆسەی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی ئاوهایە. یەکێك له جوانیەکانی گفتوگۆ ئەوەیە کە رای یەکدی کەشف دەکەین، خۆ ئەگەر به یەك گفتوگۆ گرفتەکان چارەسەر کرابان ئێستا دنیا بەهەشتی بەرین بوو. کەچی دەیان گفتوگۆ

دەکرێ تا مادەیەکی قانونی یان حوکمێکی لە فلاّن مەجالّ دادەرێژرێ  دوایی دەبینی دوای دەسالّ چەندان عەیبی لێدیاردەکەوێ.

لەکۆتاییدا دەلێم گەندەلّی بریتییە لە کەلّك وەرگرتنی بەد لە دەسەلاتی سیاسی و لە پلەی ئیداری بۆ سێ ئامانج: 1- بۆ پلەی سیاسی 2- بۆ پلەی ئیداری 3- بۆ دزینی سەرمایەی میللی بۆ بەرژەوەندی شەخسی. گوتیشم ئەمە لادانە.

*( ئەم نووسینە پوختەی ئەو کۆرەیە کەوا لە 2007/2/15 لەسەرخواستی رێکخراوی هاریکاری و گەشەپێدانی دیموکراسی، لە هەولێر پیشکەشم کرد. دیراسەکەی من بۆ ژمارەیەکی کەم نووسەرو مامۆستای زانکۆ و پەرلەمانتار بوو. بە هیچ شێوەیەك بۆ بلاّوکردنەوەی راگەیاندن نەبوو هەر بۆیەش لە قسە کردندا وەك هەر دیراسەیەك بەلامەوە مەبەست گرنگ بوو نەك دیققەت لەسەر وشەکان. بەداخەوە موخالیفە سیاسییەکانی من دوور لە نەرێتی سەمینار و رۆژنامەگەری ، چەند وشەیەکیان لە یەك سەعات ونیوی تێکرای قسەکانی من بە شێواوی و بۆ مەبەستی سیاسی, بەدزی تۆمار کردبوو بەبێ ئیجازەی من کردیانە مادەی هاندانی رای گشتی لە دژی پارتی دیموکراتی کوردستان و شەخسی من. بۆیە بەباشمزانی بە پێچەوانەی حەزی پێشوی خۆم و لەبەر گرنگی بابەتەکە بلاّوی بکەمەوە تا هاولاّتیان بزانن من چیم گوتووە.

هەلّبەت لەرووی زمانەوانیەوە رێکمخستۆتەوە چونکە قسەی ئیرتجالی دووبارەبوونەوەو بێدیقەتی تێدەکەوێ. بە تایبەتی لە هێنانەوەی نموونەی چیرۆکێکی عەزیز نەسین و بەکارهێنانی وشەی (شەهامەت کە لای من بە مانای تەحەدا و بەرەنگاربوونەوە بەکارهاتووە)  و بۆ هەندێك کەسم بەکارهێناون نەك بۆ هەموو میللەت، غەدرێکی زۆریان بەملدابریم کە من لێی بێبەریم و لەوەوپێشیش بۆ ئەم شێواندنکارییە ئەگەر لێم حالّی نەبووبن داوای لێبوردنم کرد).